هەولێر: ژنێک لە داخی مێردەکەی خۆی دەسووتێنێ

سەرچاوەیەک لە نەخۆشخانەی ئیمرجنسی شاری هەولێر ئاشکرای کرد کە رۆژی ٣-٧-٢٠٠٨ ژنێک بەناوی (ب.ش) بەهۆی ئەوەی دەمەقاڵێی لەگەڵ مێردەکەیدا کردووە، باری دەروونی تێکچووەو هەوڵی خۆ سووتاندنی داوە. هەر بەگوێرەی ئەو سەرچاوەیە ژنەکە سکالای لەسەر مێردەکەی تۆمار نەکردووە، بەڵام رایگەیاندووە کە لەداخی مێردەکەی پەنای بۆ خۆسووتاندن بردووە، بەهۆی ئەوەی مێردەکەی ریگەی نەداوە کە بچێت لە ئاهەنگی دەرچوونی خوشکەکەیدا کە فێرخوازی زانکۆی سەلاحەدینە بەشداری بکات.

سلێمانی: ئەندازیاران هەڕەشەی مانگرتن دەکەن

رۆژی پێنج شەممە ٣-٧-٢٠٠٨ زیاتر لە سێ سەد ئەندازیارانی شاری سلێمانی کۆنوونەوەو ئەو بڕیارەی حکومەتیان پرۆتستۆکرد کە بەنیازە دەرماڵەیان لێببڕێ.

رۆژی پێنج شەممەی رابردوو لە بارەگای تابیەتی یەکێتی ئەندازیاران کۆبوونەوەیەک بەڕێوەچوو، باس لە کەمکردنەوەی سەعاتی ئیزافیو بڕینی ئەو دەرماڵەیەکرا کەپێشتر بۆیان بەسترابوو، ئەمەوچەند کێشەیەکی دیکەی تایبەت بە ئەندازیاران گفتوگۆیان لەسەر کرا.

لە کۆتاییدا ئەندازیاران بڕیاری کەمکردنەوەی سەعاتی ئیزافی و بڕینی دەرماڵەیان رەتکردەوەو بە کارێکی خراپیان داناو رایانگەیاند کە کار لە سستبوونەوەی پرۆژەکان دەکات، بەوهۆیەشەوە پەسند ناکرێ. راشیانگەیاند کە ئەگەر حکومەت لەسەر بڕیارەکەی سوور بێ، ئەوان مان دەگرن و ناچنە سەر کارەکانیان، بەتایبەتیش کە حکومەتی هەرێم بڕیاری داوە ئەو دەرماڵەیەی کە لە شەش مانگی رابردوو سەرف کراوە لە فەرمانبەران وەربگرێتەوە، ئەمەش کاریگەری نەرێنی لەسەر ژیانیان دادەنێ.

دووکان: چوار عەرەب دەستگیر دەکرێن

دوای ئەوەی بەهۆی ئاگرکەوتنەوە زیاتر لە هەشت دۆنم کشتوکاڵ و دارستان لەنێوان گوندی گەشتیاری دابان و ئوتێل میراڵ لە هاوینە هەواری دوکان سووتا، چوار کەس کە عەرەبی شارەکانی ناوەڕاستی عێراقن دەستگر کران و بەوە تۆمەتبار کراون کە بەئەنقەست ئەو کارەیان کردووەو ئاگریان خستۆتەوە..

سەرچاوەیەک سەبارەت بەم ئاگرکەوتنەوەیە بە هەفتەنامەی رۆژی گەلی راگەیاند کە ئەم بەهۆی وشکە ساڵیەوە گژوگیاو دارەکانی هەرێمە زوو گڕ دەگرن، تەنانەت فرێدانی جگەرەیەکیش مەترسی کەوتنەوەی ئاگرێکی گەورەی لێدەکرێ، بەڵام دەبێ لایەنی پەیوەندار زوتر رێنمایی خەڵکەکە بکات و هێمای تایبەت بە فرێنەدانی جگەرە هەڵبواسرێ، چونکە ئەمە یەکەمی ئاگر کەوتنەوە نیە کە لەماوەی کەمتر لەیەک هەفتەدا رووەدەدات.

کفری: باندێکی شوێنەواردز دەستگیر دەکرێن

هەواڵەکان ئاشکرایان کرد کە رۆژی٥-٧-٢٠٠٧ سێ کەسی دانیشتووی کفری کە چەند پارچە شوێنەواریکیان پێبووەو ویستوویانە بەرەو سلێمانی بچن و لەوێشەوە بۆ شوێنی دیکە بیانگوازنەوە، لەلایەن هێزەکانی ئاسایشەوە دەستگیر کراون و دەست بەسەر کەلوپەلەکانیشیاندا گیراوە.

بەپێی زانیاریەکان پێشتر لەلایەن ئاسایشەوە هەڵسوکەوتی ئەو کەسانە خراوەتە ژێرچاودێریەوەو بڕیاری گرتنیشیان بۆ دەرچووە، بەڵام ویستراوە شتە دزراوەکان لەدەستیاندا بگیرێ، هەروەها جگە لەو سێ کەسە فەرمانی گرتن بۆ دوو کەسی دیکەش دەرچووە کە یەکێکیان سەرکردەی باندەکەیە، بەڵام خۆی شاردۆتەوەو دەستگیر نەکراوە.

مەخمور: نەگەڕانەوەی چەکی قەرەبوو خەڵک نیگەران دەکات

بەگوێرەی ئەو زانیاریانەی چەند هەفتەنامەی رۆژی گەل کەوتوون، دانیشتووانی قەزای مەخمور، بەتایبەتیش ئەوانەی کە لەسەردەمی رژێمی بەعس لە گوندو ئاواییەکانیان راگوێزرابوون، لە نەگەڕانەوەی چەکی قەرەبوو نیگەران، هەرچەندە کە هەفتەی رابردوو ٢٣٠٠ چەکی قەرەبوو گەڕایەوەو راشگەیەندرا کە ئەم هەفتەیە ٢٠٠٠ چەکی دیکە دەگەڕێتەوە، بەڵام بەبەراورد بە ژمارەی راگوێزراوان و دەرکراوەکان ئەمە یەکجار کەمە، هەروەها بەهۆی ئەوەی کە ژمارەیەکی زۆری خەڵک چونکە کۆپنی خۆراکیان پارێزگاری هەولێرەو گریمانی ئەوە دەکرێ لە قەرەبووکردنەوە بێبەش بکرێن، نیگەرانی خۆیان دەردەبڕن و دەخوازن کە شوێنی نیشتەجێبوون و کۆپنی خۆراک نەکرێتە مەرج بۆ گەڕانەوەی چەکی قەرەبوو. لەم بارەیەوە وڵاتی ٠ محەمەد عەلی کە بۆخۆی خەڵکی گوندێکی نزیک گوێرەو بەعس ئاوارەی کردووەو تا ئێستاش لە ئۆردوگەی تۆبزاوە دەژی، بە رۆژی گەلی راگەیاند کە ئەگەر کۆپن بکرێتە مەرج بۆ گەڕانەوەی چەکی قەرەبوو، زوڵمێکی گەورە لە هەژاران دەکرێ، چونکە ژمارەیەکی زۆر لەوانەی راگوێزراون و رەوانەی ئۆردوگاکان کراون و لەبەر کەمدەرامەتی نەیانتوانیوە بگەڕێتەوە سەر زێدی باب وباپیرانیان.

دەربەندیخان: گەنجان بەدەست کێشەکانەوە هەراسان دەبن

بە گوێرەی ئەو هەواڵانەی بە هەفتەنامەکەمان گەیشتوون، ئێستا رەوشی دەربەندیخان روو لە خراپی دایە، رۆژ دوای رۆژ کێشەی کۆمەڵایەتی و ئاژاوە سەر هەڵدەدات و لایەنە پەیوەندیدارەکانیش بە ئەنقەست چاویان لێدەپۆشن و دەیانەوێ بەهۆی ئەو کێشانەوە خەڵک ئاگای لە کێشەو گرفتەکانی خزمەتگوزاریەکان نەمێنێ.

بەگوێرەی هەواڵ، رۆژی ٢-٧-٢٠٠٨ چەند گەنجێک بە شەڕهاتوون و بە چەقۆ لەیەکتریان داوە، لەئاکامدا یەکێک بەناوی (د.ع) بەسەختی بریندارکراوەو رەوانەی نەخۆشخانە کراوە. هەروەها رۆژی ٣٠ی حوزەیران گەنجێک بەناوی (ک.ب) بەگوللە بریندار دەبێ و رەوانەی نەخۆشخانە دەکرێ و هۆکاری بریندار بوونەکەی روون نیە. هەر لە دەربەندیخان رۆژی ٢٩ی حوزەیران پۆلیسێک و لاوێک بەناوەکانی (ر.ع) و (ئ.ع) بەچەقۆ لەیەکتر دەدەن و یەکتر بریندار دەکەن. هەرهەمان رۆژ گەنجێکی دیکە بەناوی (م.ن) بریندار کراوەو رەوانەی نەخۆشخانە کراوە.

لەلایەکی دیکەشەوە هەواڵەکان ئاشکرایان کرد کە لە ماوەی رابردوودا باوکێک بە هاوکاری کوڕەکەی نیازی هەبووە کچەکەی خۆی بباتە دەرەوەی شارو بیکوژێ، بەڵام لە بازگە کچەکە هاوار دەکات، پۆلیسەکان بەهاواریەوە دەچن و لە مردن رزگاری دەکەن.

چەند رووداوێکی خەندەداری راستین سەبارەت بە مادەی ١٤٠

* مامۆستا(حەسەن محمەد کەریم)کە دانیشتوی قەزای کەلارە و بریاری قەرەبووکردنەوە (١٠ملیۆن) دینارەکە دەیگرێتەوە و چەکی پارەشی بۆ کراوە، بەڵام کاتێ دەچێ بۆ وەرگرتنی پارەکە، پێی‌دەڵێن:' وەڵاهی بەداخەوە پارەکەی تۆ (مەنسور)ناوێک وەریگرتووە،تکایە مەیکە بە هەڵا لەسەرمان بەڵێن بێت لەم چەند رۆژەدا کارەکەت چارەسەر بکەین'، بەڵام دیارە بێ دەنگ نەبووە، بژیە دەنگی داوەتەوە.

* لە ناحیەی (قەرەتەپە)،(٣٧ناو)ی ئاوارە هەڵواسراوە و رۆژانە لە رادیۆ دەخوێندرێنەوە چەکی قەرەبوویان بۆ کراوە بابچن وەری بگرن، بەڵام لەوە دەچێ ناوەکان وەهم بن، بۆیە نە کەس دەیانناسێ و نە کەسیش دەچێ بۆ ئەو پارە وەرگرتنە، دەبێ نهێنیەکەی چی بێت؟.

* وڵاتی (ئا.س) رۆژی ٢٠٠٨/٦/١٧ دەچێ بۆ وەرگرتنی چەکی قەرەبووکەی لە پارێزگای کەرکوک، بەڵام لەوێ پێیدەڵێن کە ئەم چەکە حجز کراوە، چونکە دەرکەوتووە ئەم پیاوە مردووە و کەسیشی نەماوە، ناوبراو دەڵێ کاکە گیان ئەوە من خۆم ماوم و لەبەردەمتان راوەستاوم، مردنی چی؟. بروای پێ ناکەن، بەڵام دواتر کە دەزانن راست دەکات داوای بوردنی لێ دەکەن و دەڵێن برۆ لە فەرمانگەی نفوس پشتگیریەک بهێنە، ئەوسا وەرەوە بەسەرچاو چەکەکەت وەرگرە.

* ماوەیەکە نوسراوێکی فەرمی گشتێنراوە بۆ فەرمانگەکان هەر فەرمانبەرێک کە مادەی (١٤٠)دەیگرێتەوە دەبێ ناوی خۆی تۆماربکات لەلای بەرێوەبەرایەتیەکەی خۆی، خەڵکی رای وایە کە حکومەتی هەرێم بەنیازە مووچەکانیان بگوێزێتەوە بۆسەر حکومەتی ناوەند، هەندێکی دیکەش دەڵێن سەرکردایەتی دەستی لەبن هەمانەکەوە دەرچووە و دەیەوێ شەرە کەرکوک بە خەڵکی سڤیل بکات. لەم سەروبەندەدا سکرتێری قایمقامێکی نزیکی مادەی ١٤٠ وتی وەڵاهی ناوی یەک کەس نانێرم بابۆخۆیان هەر بڵێن.

رواندوز: دانیشتووانی گەڕەکێک لەبەر نەبوونی ئاوی پاک بێزار دەبن

سەرچاوەیەک لە شاری رواندوز بە هەفتەنامەی رۆژی گەلی راگەیاند کە ماوەی ساڵێک زیاترە ئاوی گەڕەکی **گەردەگەرد** تێکەڵاوی ئاوەڕۆ بووەو هەوڵی چارەسەرکردنی بۆ نەدراوە، بەوهۆیەشەوە خەڵکێکی زۆر دووچاری نەخۆشی هاتوون.

سەرچاوەکە جەختی کردەوە کە پیسبوونی ئاوی خواردنەوەی گەڕەکی گەردەگەرد بەهۆی شکانی بۆڕیەکانی ئاوبووە، لەکەمتەرخەمییەوە بەدرێژایی ئەو ماوەیە هەوڵی چاککردنەوەی نەدراوە، بەڵام دوای ئەوەی پیسبوونەکەی بە ئاشکرا دەبینرا، بۆ تاقیکردنەوە رەوانە کراو دەرکەوت کە بە رێژەیەکی زۆر ئاوێتەی پیسی بووە، ماوەی مانگێک زیاترە چاوی لێداخراوەو ئاوڕی لێنەدراوەتەوە.

وڵاتییکی دانیشتووی گەڕەکی گەردەگەرد ئاشکرای کرد کە تۆڕی بۆڕیەکانی ئاو زۆر کۆنن، بەدرێژایی ١٧ ساڵی رابردوو هەوڵی چاک کردنەوەو نۆژەن کردنەوەیان نەدراوە، لەسەردەمی رژێمی بەعسیش بە ئەنقەست پرۆژەی خزمەتگوزاری لە شارەکە ئەنجام نەدەدران و هەوڵی چۆلکردنی شارەکە دەدرا، بەڵام مخابن لە سەردەمی حوکمی خۆشماندا هێشتا بەشێوەیەکی باش هەوڵی ئەنجامدانی پرۆژەی خزمەتگوزاری نادرێ.

بەمۆ: بەڕێوەبەری ناحیە کارەبا لە خەڵک زەوت دەکات

ماڵپەڕی گەنجانی دەربەندیخان هاوارنامەیەکی دانیشتوانی ئاوایی گلێجاڵ بڵاو کردۆتەوە، ئێمەش بە باشمان زانی لە هەفتەنامەی رۆژی گەلدا بڵاوی بکەینەوە:

ئێمەی دانیشتوانی ئاوایی گلێجاڵ (مەڵبەندی ناحیەی بەمۆ) کە سەر بەقەزای خانەقینە، لەدەمی هەڵبژاردنەکاندا لەساڵی ٢٠٠٥ بەهەوڵی مەکتەب رێکخستنی یەکێتی موەلیدەیەکمان بۆ دابینکرا، لەوکاتەشەوە تائێستا بەپارەو گازی خۆمان بەو موەلیدەیە، کارەبا بۆخۆمان دابین دەکەین. لەسەر ئەرکی خۆشمان کەسێکمان بۆ دابینکردووە کە ئیشی پێ بکات و سەرپەرشتی بکات. چەند رۆژێک بەر لەئێستا بەرێوەبەری ناحیەکەمان بەبێ ئەوەی پرسمان پێ بکات، کێبڵی کارەبای گوندێکی تەنیشتمان کەچۆڵ بووە هێنای و بەتەمایە بەبێ بەرامبەر کارەبای فوول لەموەلیدەکەی ئێمەوە بۆ بارەگای ناحییەو فەرمانگەکانی تری ناحیەکە، رابکێشێت. لەکاتێکدا ئەم موەلیدەیە ئەهلییەو ئێمە بەشوانیکردن و قورپەسەری و گوندنشینی خەرجی و پێداویستییەکانی دابین دەکەین، کاتێکیش کە نارەزاییمان دەربڕی و وتمان رێگا نادەین و ئەرکی بەرێزتە لەنەسرییەی خۆت ولەرێگای حکومییەوە هەوڵی دابینکردنی کارەبای فەرمانگەکانت بدەیت، سوکایەتییەکی زۆری پێکردین و وتی "من ئەو کارەبایە هەر رادەکێشم و ئێوەش چیتان لەدەست دێت بیکەن". ئێمەش داوا لەلایەنە پەیوەندیدارەکان دەکەین، لەم زۆرلێکردنەی بەرێوەبەری ناحیە بمانپارێزن و بەلای کێوە رەوای هەقە، ئێمەی گوندنشین کارەبای خۆرایی بۆ چەند فەرمانگەیەکی حکومی و پۆلیس دابین بکەین، لەکاتێکدا ئەوان دەسەڵاتن و ئەتوانن بەدەیان شێوە مشوری خۆیان بخۆن.

کۆمەڵێک لەدانیشتوانی مەڵبەندی ناحیەی بەمۆ

هەڤاڵ سکرتێری حزب لە دوو کۆڕی جیاوازدا

کاتژمێر١٩.٣٠ی رۆژی ٢٤-٦-٢٠٠٨ ژووری نەتەوەیی لەسەر پاڵتاڵکی تۆڕی ئینتەرنێت دا کۆڕێکی بۆ **ڕێکار ئەحمەد** سکرتێری گشتی حزبمان، حزبی رزگاریی کوردستان پێکهێنا، کۆڕەکە لەژێرناوی چاوخشانێکی خێرا بەسەر رەوشی هەنووکەیی کوردستان بەڕێوەچوو، زیاتر لە ١٨٥ کەس لە ژوورەکەدا ئامادەببون و بە درێژایی زیاتر لە ٥ سەعات بەردەوام بوو.

کاتژمێر ٢٢ی رۆژی ٢٨-٦-٢٠٠٨ لەسەر داوای ژووری مەڵبەندی پێشمەرگە دێرینەکان **ڕێکار ئەحمەد** کۆڕێکی پێکهێنا. لە کۆڕەکەدا پێوەندی نێوان دەستەڵات و مێدیای ئازاد قسەیان لەسەر کرا و جەخت کرایەوە کە تائێستاش مێدیای ئازاد لە باشووری کوردستاندا رۆڵی خۆی کایە نەکردووەو نەیتوانیوە وەک دەستەڵاتی چوارەم خۆی بنوێنێ، داوا لە دڵسۆزان کرد کە پشتیوانی لە رۆژنامەوانان بکەن. ئەمەو کۆڕەکە ٢ سەعاتی خایاند.

هەواڵی سەیر

یەکەم ڕاپۆرت

وڵاتی (س.ب) کە خوێندکارێکی پۆلی شەشەمی ئامادەییە لە چەمچەماڵ لەدوا رۆژی تاقیکردنەوە گشتیەکانی کۆتای ساڵدا ناگەرێتەوە بۆ ماڵ و رەدووی کورێک دەکەوێت. کەس و کارەکەی بەبێ هیچ بەلگەیەکی زانستی و سەلمێنراو گومانیان دەچێتە سەر ماڵی (س.ع)لە ناحیەی (تەکیە).تەنیا لەبەرئەوەی کچێکی ئەو کەسە بوکی ئەو ماڵە بووە و تەلاق دراوە، دوای ئەوەی شەو رۆژێک ئەو پیاوەو کچەکەی لە ئاسایشی چەمچەماڵ (بەند)دەکرێن، نەک هەر بەلگەیان دەستناکەوێ بەڵکو ئەوەش ئاشکرا دەبێت کە دایکی کچەکە ئاگاداری پەیوەندییەکانی کچەکەیەتی دەزانێ لەگەڵ کێ رۆیشتووە، بۆیە ئازاد دەکرێن و رۆژی چوارشەممە ٢٠٨/٦/١٨ لە سلێمانی دەگیرێن و دەڵێن گوایە زەواجیان کردووە، ئێستا ماڵی باوانی کچەکە هەست بە شەرمەزاری دەکەن و مام (س.ع)یش بەنیازە سکاڵایان لەسەر تۆمار بکات، چونکە بەخۆرایی زیندانیان کردووە.

وڵاتی (هی. ع. و) دانیشتوی گەرەکی (قەرەهەنجیر)ی ناحیەی شۆرشە،لە هەفتەی رابردوو بەهۆی کارێکی زۆر سەیرەوە (٣ڕۆژ)زیندانی دەکرێت. ناوبراو لەگەڵ دراوسێیەکی خۆیاندا زۆر تێکەڵاون و پەیوەندیان زۆر خۆشە، لەدوانیوەرۆیەکدا منداڵی دراوسێکەی بەهۆی لاساریەوە لەدەستی دایکی هەڵدێ بەرە و ڕووی (هی)رادەکات دایکی دەڵێ بۆم بگرە ئەویش کە دەیەوێ هاوکاری بکات و منداڵەکەی بۆ بگرێ، تەسبیحەکەی بەر لاچاوی دەکەوێ، بەوهۆیەوە لە بنکەی پۆلیس شکاتی لێدەکات،لەدوای چەندین جار سەردانی کردنی خزم و ناسیاوەکانی ناوبراو بۆ ماڵەکە و ٣ڕۆژ زیندانی ئیجا لێی دەبوورن و ئازادی دەکەن.

ڕۆژی پێنج شەممە٢٠٠٨/٦/١٩ وڵاتی (هۆ. نا)لەگەڵ بەرێوەبەری فەرمانگەی باری کەسێتی قەرەهەنجیر (شوان) کەناوی ئیلهامە دەبێتە شەڕیان لەسەر ئەوەی کە ٢ مانگە زیاترە مامەڵکەی لێوەرگرتووە و ڕۆژی ٦/١٩ی بۆ دیاری کردووە کە بچێتەوە بۆ پێناسەکانی، ناوبراو کە مامۆستایە و پێیشەرم دەبێ بەشێوەی ناشیرن قسەبکات سەرەتا بە نەرمی پێیاندەڵێ بۆچی بەڵێنەکەی خۆتان جێبەجێ نەکردوە، کەچی ئەوان بەناشیرینی وەڵامی دەدەنەوە ئەمیش دێتە دەرەوە برایەکی و چەند کەسێکی دیکە لەگەڵ خۆی دەباتە ژورەوە و بەکەیفی خۆیان لە پۆلیس و بەرێوەبەرەکە دەدەن و دەڕۆن، دواتر لە دەرگە دەگیرێن بەڵام لەبەرئەوەی کە دەزانن ئیلهام تۆمەتباربووە، هیچیان لێناکەن و کارەکەشیان بۆ جێ بەجێ دەکەن.

وڵاتی (ن.ح.ع)کە دانیشتووی گەرەکی ئازادی شاری کەرکوکە و شێوە ژیانێکی مەدەنیانە لە خانوویەکی خۆشدا بەسەر دەبات،باخچەیەکی خۆشی کردووە لەماڵەکەیدا،داری مێوی گەورەی تیایە و (بەرسیلە)یەکی زۆری گرتووە منداڵێکی دراوسێکەیان هەندێ لەبەرسیلەکە دەخوات دواتر تووشی سک چوون و ڕشانەوە دەبێ،کاتێ دەیبەن بۆ نەخۆشخانە پێیان دەڵێت ئەم منداڵە ژەهری دەرخوارد دراوە، ئەوانیش گومان لە(ن)دەکەن کە دارمێوەکەی ژەهر کردبێ لەبەر مێشوولە و منداڵەکە لە بەرسیلەکەی خواردووە بۆیە تووش بووە، ئەم قسەیە لەلای پۆلیس دەڵێن بۆیە دەچن ناوبراو دەگرن و ئەیش دەڵێ قوربان من لە ماڵی خۆم ئازادم هەرچیەک بکەم،خۆ من نەمناردووە بە شوێن ئەودا ترێی بدەمێ تا ژەهراوی بێت ئەو هاتووە سەر ماڵی من ئەبێ من شکات لەوان بکەم کەچی تۆ من تاوانبار دەکەی ئەفسەرەکە دەڵێت ئەمانە نەخوات دەبێ زیندانی ببێت هەتا دڵنیا دەبین لە منالەکە ئنجا ئازاد بکرێیت. لەدوای شەو و ڕۆژێک ئینجا کارەکە کۆتای دێت و ناوبراو ئازاد دەبێ.

وڵاتی (ن.ش.ئا)ڕۆژی پێنج شەممە٢٠٠٨/٦/١٩ دەچێ بۆ هەولێر و لە بازگەیەک بەهۆی قەرەباڵغی ئوتومبێلەوە بەهێواشی ئوتومبێلەکەی بەر ئوتومبێلێکە دەکەوێ و بەهیچ شێوەیەک زیانی نابێ، بەڵام شۆفێرەکە دادەبەزێ و چەندەها جنێوی ناشیرن بە(ن)دەدات و (لەقە)یەک لە ئوتومبێلەکەی دەدا و دەی قوپێنێ،ئەفسەری بازگەکە دێت سەرەتا دەیەوێ بیگرێ، چونکە ئیهانەی (ن) و خێزانەکەی کردبو، بەڵام کاتێ پێناسەیەکی نیشان دەدات چۆکی دەشکێ و داوای لێ بووردنی لێ دەکا و ئیزنی دەدات بە(ن) یش دەڵێ کاکە گیان ئەو جنێوانەی لەسەر من حسێب بکە و برۆ!

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com